# دروزیەکان، مێژوو و بیروباوەڕ



کاکەمین کەمال

### پێناس:

دروزی مەزهەبێکی ئاینی ناڕوونن، پێیان وایە کە دەقەکانی قورئانو سوننەتو شەریعەتی ئیسلام، هەندێ واتای هەناوی هەیە، جیا لەوەی کە موسڵمانان خۆیان دەیزانن، دروزیەکان لە مەزهەبی ئیسماعیلی لە وڵاتی میسر جیابوونەوە، بۆ ئەوەی عەقیدەیەکی نوێ دروستبکەنو دواتر ببێتە ئاینێکی نوێ، کە پشت بە کولتورو ئاینەکانی پێش خۆیانو هەندێ لە فەلسەفە کۆنەکان دەبەستێ. وشەی دروزی لە (دروز)ی تورکی هاتووە بە مانای (دورین) دورزی بە واتای ( بەرگدروو) لە عەرەبیدا بەمانای (الخیاط) دێت.

### هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم مەزهەبە:

ئەم مەزهەبە لەسەدەی یازدەهەمی زاینیدا سەریهەڵدا، لە کاتێکدا کە لەگەڵ ئاینی ئیسلام هەندێ ڕەوتی تری وەکو سۆفیو موعتەزیلەو نەسرانیەکان بە گەرموگوڕی لە ئارادا بوون، ئەمان سەریان هەڵدا بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش بڵاو بوونەوە، بە بۆچوونی هەندێ بیرمەندانو مێژوونووسانی عەرەب هۆی سەرەکی سەرهەڵدانی دروزیەکان بۆ ئیفلاس بوونی عەرەب دەگەڕێتەوە، لە رووی فیکر لەوکاتەدا، هەر ئەمە بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین بیروباوەڕی جۆراوجۆر، ئەمە بووە دیاردەیەکی بەرچاو بە تایبەتی لە عێراقو وڵاتی شامدا، فەشەلی دامەزراوەی ئاینی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم سەرهەڵدانە، تەنانەت لە دوای دەرکەوتنی جوڵانەوەی راستکردنەوە( التصحیحی) لەسەر دەستی ( ئیبن تیمیە)ش نەتوانرا لە میەرێك بۆ ئەم بارودۆخە دابنرێت. سەرەڕای ئەوەش دامەزراوەی ئاینی دابڕابوو لە ژیانی تێکڕای خەڵکو عەرەب کەوتبووە خەوێکی قوڵ، تاکو لە کەوتنی بەغدا بە دەستی مەغۆل لە ساڵی ١٢٥٨ز بە ئاگاهاتەوە، بۆیە دروزیەتو هەموو ڕەوتەکانیتر دەرئەنجامێکی ئاسایی بارودۆخێکی وەها بوون، کاردانەوەی ئەم هەلومەرجە رەخسابوو بەپێی یاسای سێیەمی نیوتن کە دەڵێ: هەموو کارێك پەرچەکاردانەوەی هەیە، کە لە بڕدا یەکسانەو لە ئاراستەدا پێچەوانەیە).

### مێژووی دروستبوون:

لە سەدەی یانزەمی زاینی لە ئاینی ئیسلام و مەزهەبی ئیسماعیلی جیابووەوە، لە نێوان ساڵانی ١٠١٧ـ ١٠٤٧ پەیامو رێنماییەکانی بڵاوکردەوە. تەوەری سەرەکی ئەم بیرورایە دەگەڕێتەوە بۆ خەلیفەی شەشەمی فاتمی (ئەبوعەلی مەنسور کوڕی عبدولعەزیز باڵله کوڕی موعەزەدین الله)ی فاتمی کە بە( ئەلحاکم بأمرالله) ناسرابوو. لە ساڵی ٩٨٥ز لە دایك بووەو لە ساڵی ١٠٢١ ز کوژرا، کەبە کەسێکی توندو تیژو تۆقێنەر ناسرابوو. ونبوونی لە بارودۆخێکی ئاڵۆزو تەمومژاویدا بوو، بۆیە مقۆمقۆیەکی زۆری نایەوە، لایەنگرانی وایان ڕاگەیاند کە (مەنسور) لەکاتی خۆیدا دەگەڕێتەوە.

دامەزرێنەری سەرەکی ئەم بیروباوەڕە ناوی (هەمزە کوڕی عەلی کوڕی محەمەد زۆزەنی)یە ئەوبوو کە لە ساڵی ١٠١٨ ز ڕایگەیاند کە رۆحی خودا لە ( حاکم بامرالله) نیشتووە، هەر ئەم ساڵەش بووە دەسپێکی مێژوو و ساڵنامەی دروزی، بەڵام کەسێکی تری هاوڕێی (هەمزە) کە ناوی (محەمەد کوڕی ئیسماعیل دروزی)یە کە بە ( نشکتین) ناسراوە، پەلەی کرد لەساڵی ١٠١٧ ز بیروباوەڕەکەی ڕاگەیاند، بۆیە هەمزە لێیتووڕەبوو، بانگەوازی خەڵکیکرد دژی نشکتین، بۆیە ناوبراو ڕایکرد بەرەو وڵاتی شام، لەوێ دەستیکرد بە بڵاو کردنەوەی بیروڕاکانی خۆی، بەڵام هەمزە، نشکتینی بە لادەرو خیانەتو دەرچوو تاوانبارکرد، بۆیە پیلانی کوشتنی دانا، لە ساڵی ١٠٢١ ز جێبەجێیکرد، هەربۆیەش نشکتین بە دامەزرێنەری سەرەکی دروزیەت دادەنرێت. دوای هەمزە (حوسێن کوڕی حەیدەر ئەلفرغانی) کە بە ( الاجدع) ناسرابوو بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی کەوتە ئەستۆ لە ناوخەڵکدا، چەندین بڵاوکراوەی دەرکرد، لەوانە یاساغکردنی کۆشش (الاجتهاد) لەم مەزهەبەدا، بۆ پارێزگاریکردن لەو بنەمایانەی کە هەمزە دایناببوون.

لەرووی پایەو دەسەڵات لەم مەزهەبەدا لە دوای هەمزە( ئەبو ئیبراهیم ئیسماعیل کوڕی حامد ئەلتمیمی) دەهات کە زاواو دەستەڕاستی هەمزە بوو. دروزیەکان دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەشێوەیەکی نهێنی بیروباوەڕەکانی خۆیان بڵاوکردەوە لە وڵاتی شام کە بنکەی سەرەکیان بوو،



کەمال فواد جنبلات

لە سەردەمی عوسمانیەکان قورسایی سیاسیو کۆمەڵایەتی خۆیان سەلماند، ئەوەبوو توانیان حوکمڕانی وڵاتی لوبنان بکەن لەسەر دەستی (میر فەخرەدینی دووەم)، ١٥٧٢ـ ١٦٣٥ وە لە سوریا (سوڵتان پاشای ئەترەشی دروزی) سەرکردایەتی شۆڕشی گەورەی سوریایکرد دژی ئینتیدابی فەرەنسی ساڵی ١٩٢٥، لە دەوڵەتی ئیسرائیل ( شێخ ئەمین تەریف) دەرکەوت، کە توانی چەندین دەسکەوتی گەورە بۆ دروزیەکان دەستەبەر بکات، وەکو دروستکردنی دادگای تایبەت بە دروزیەکان ساڵی ١٩٦٢ (کنیست)ی ئیسرائیل بەفەرمی ئەم یاسایەی پەسەندکرد، لە بەناوبانگترین سەرکردە دیارەکانی دروزیەکان لە مێژووی هاوچەرخ، (کەمال فواد جەنبلات)، ١٩١٧ـ ١٩٧٧ بوو کە سیاسیەکی سۆسیالیستو ئەدیبو شاعیرو بیرمەندبوو، وا گومان دەکرێت کە لە لایەن موخابەراتی سوریا تێرۆر کرابێت، (کەمال جەنبلات) بە رەگەز کوردە، بابو باپیرانیان لە کوردستانەوە لە سەردەمی (ئەیوبیەکان) کۆچیانکردووە بۆ لوبنان، وشەی(جەنبلات) کوردیە، بەمانای (گیان پۆڵا)، رۆڵێکی گەورەی گێڕا لە داڕشتنی نەخشەی سیاسی لوبنانی نوێ، لە حەفتاکاندا لە پەیوەندییەکی دۆستانەی بەهێزدا بوو لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە کوردستانی باشوور. لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا، (وەلید جەنبلات) یەکێکە لە دیارترین سەرکردە سیاسیەکانی لوبنانو خاوەنی ئەجەندەو بۆچوونی خۆیەتیو لایەنگری سەربەخۆیی تەواوەتی لوبنانو دەرچوونیەتی لە پاشکۆیەتی سوریا. دروزیەکان مەزهەبن، نەوەك نەتەوە، بۆیە هەندێکیان عەرەبنو هەندێکیان کوردو نەتەوەیتر. ئەمڕۆ دروزیەکان لە تەواوی وڵاتی شام بڵاوبوونەتەوە، بەڵام لە دەوڵەتی ئیسرائیلو لوبنان قورسایی سیاسیو کۆمەڵایەتی باڵایان هەیە لە حکومەتو سوپادا، هەروەها لە وڵاتی میسرو وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکادا بڵاوبوونەتەوە.

**بڕواو بیرو باوەڕ( العقید و المعتقد):**

دروزیەت بریتیە لە کۆمەڵێك بیروڕای کۆمەڵایەتیو فەلسەفی، کەمتر وەکو ئاینێکی خاوەن سروت دەردەکەون، لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانیاندا پرەنسیپی خۆپاراستن( التقیه)یان گرتەبەر، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوروبەری رەخساو خۆیان بگونجێننو ئاشکرا نەبن. پرەنسیپەکانی ئەم مەزهەبە بۆ هەموو دروزیەکان رووننیە، تەنها ئەوانە نەبن کە پێیان دەڵێن هۆشمەندان( العقال) بڕوایان بە خودایی بوونی (ئەلحاکم بامرالله)یە لەو باوەڕەدان کە رۆژێك دەگەڕێتەوە، ئەو رۆژەش رۆژی هەستانەوەیە(قیامەت). بڕوایان بە تەوحیدو خودای بێ هاوتایە، کە هۆشی هەمووەکی دروستکردووەو لەویشەوە دەروونی هەمووەکی دروستبووە، لەمیشەوە تەواوی دروستکراوەکان دروست بوون. بڕوایان بە پەیدانەکردنی هاوتا بۆ خوداو قەزاو قەدەر هەیە، بڕوایان بە بەیەك خودایی هەیە کەمرۆڤ ناتوانێ پێناسەو دەرکی پێبکات، بۆیە پێیان دەڵێن (تەوحیدی یان ئەلموەحدین) بڕوایان بە سروش (وەحی) نیە کە بۆ پێغەمبەری ئیسلام هاتۆتە خوارەوە، پێیان وایە قورئان دروستکراوی (سەلمانی فارسی)یە، لە بیروباوەڕەکانیاندا زۆر پشت بە فەلسەفەو فەیلەسوفانی یۆنانی وەکو( ئەرستۆ ـ ئەفلاتون) لایەنگرانی ( فیساگۆرس) دەبەستنو بە سەرکردە رۆحیەکانی خۆیانیان دەزانن، هەروەها سوودیان لە بوزیو فەلسەفەی فارسیو هندیو فەرعۆنی کۆن وەرگرتووە، لە



وەلید جنبلات سیاسی دروزی

هەندێ بیروباوەڕەکانیاندا.

دروزیەکان بیروباوەڕەکانی خۆیان بە منداڵەکانیان ڕاناگەیێنن، تاکو دەگەنە تەمەنی چل ساڵی، چونکە پێیان وایە تاکو ئەم تەمەنە مرۆڤ کامڵ نابێت!،کەسیتر لە ئاینەکەیان پەسەند ناکەن، وەردەرچوونیش بە هەمان شێوە. بڕوایان بە گواستنەوەی رۆحی مرۆڤە لە کەسێکی مردوو بۆ کەسێکی تازە لە دایك بوو( تناسخ الارواح). بڕوایان بە حەرامی خوشكو برا نیە لە شیرەوە، گۆشتی بەرازو مەی و مادده بێهۆشکەرەکانو جگەرە بەلایانەوە حەرامە، لە رەمەزاندا بە رۆژو نابن سەردانی ماڵی خوداو مزگەوتی پێغەمبەر (محمد) ناکەن.دروزیەکان دەڵێن ساڵی ١٠١٨ز مەنسور نوێژو رۆژوو زەکاتو حەجو جیهادو شهادەی لەسەر لابردوون، لە (قورئانو کتێبی پیرۆز)دا بە پێی لێکدانەوەی خۆیان هەڵیدەبژێرن. ئینکاری بوونی بەهەشتو دۆزەخو سزاو پاداشتی دوایی دەکەن. بڕوایان وایە کە (ئیبلیس) سەرەتا لە جەستەی ئادەم دەرکەوتوە دواتر بۆ ئیبراهیمو هەریەك لە موسی ـ عیسی ـ دواتریش محەمەد، شەیتان لە جەستەی کوڕی ئادەم (سام) دواتر بۆ ئیسماعیلو هەریەك لە یوشع ـ شمعون حنا ـ عەلی کوڕی ئەبو تالیب ـ دواتریش بۆ قەداح خاوەنی بزوتنەوەی قەرامیتە گوزراوەتەوە.

حەڵاڵ بەلای دروزیەکان ئەو ماڵەیە کە مرۆڤ بە رێگاو شێوازی مەشروع و یاساییو حەق دەستدەکەوێت، بەبێ غەشو ستەم، وەباشترین حەڵاڵ ئەوەیە کە بە ئارەقەی نێوچەوان، نان بخوێت. بۆیە ئەوانەی لە دروزیەکان پێیان دەڵێن (ئەجاوید) پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە رزقی زەوی و کاری دەستی خۆیان بخۆن، بەڵام حەرام ئەو دەسکەوتەیە کە بەرێگای ناحەقو نایاساییو دەستبەسەرداگرتنو ستەمو قۆرخکردنو بەهاوکاری ستەمکارانو ماڵی (وەقف) دەستدەکەوێت.

دروزیەکان لە هەندێ بنەمای فیکری گرنگی ئاینەکەیان نزیکن لە (ئەهلی حەق)، کە ئەمان لە کوردستان سەریانهەڵدا، لە لوڕستان لەناو هۆزەکانی بەختیاریو دواتر کوردستانی باشوور بڵاو بووەوە. خاڵەکانی هاوبەش لە نێوان حەقەو دروزی ئەوەیە کە هەردووکیان ( هەناوین) بە

لێکدانـــەوەی جیـــاواز، ســـەبارەت بـــە گواســـتنەوەی ڕۆح (تناسـخ الارواح) بیرکردنـەوەیان زۆر لـە یـەك نزیکـە، دەربـارەی هەنـدێ دابو نـەریتو خورەوشتی کۆمەڵایەتی تا ئەندازیەکی زۆر لە یەك نزیکن.

### جەژن و بۆنەو پەرستگاکانیان:

ـ جـەژنی قوربـان، کـە پێـی دەڵێن جـەژنی گـەورە، پیرۆزتـرین جـەژنی دروزیەکانـە، دە ڕۆژی بـەر لـە جـەژن بـە ڕۆژە پیرۆزەکانیـان دادەنرێـت، باوەڕدارەکانیـان ڕۆژی دوایـی بـەبیرخۆیان دەهێننـەوە، لەسـەر هـەموو باوەڕدارانیان پێویستە لەو ڕۆژەدا دوور کەونەوە لە خراپە، لە پێناوی چاکەی خەڵکیتردا کۆشش بکەن، سەردانی دۆستو کەسو کارەکانیان دەکەن، نوێژ بۆ ئاشتیو برایەتی دەکەنو دیاری پێشکەش بەیەکتر دەکەن.

ـ سەردانی مەزاری ( نەبی شوعیب) لە ٢٥ی نیسان لە گوندی (حەتین) لە نزیك تەبەریا.

ـ سەردانی مەزاری (نەبی سبلان) لە نزیك گوندی ( حرفیش) لە باکووری لوبنان لە ١٠ی ئەیلول.

ـ سەردانی مەزاری (نەبی خزر) لە گوندی (کفر یاسین) لە ٢٥ی کانوونی دووەم، نەبی خزر لە لای یەهودیەکان بە نەبی ( یاهو) ناودەبرێت، لەلای مەسیحیەکانیش بە (مار ئەلیاس) دەناسرێت.

ـ سەردانی کەنیسەی (مەریەمە) لە گوندی (معلولا) لە دیمشق دەکەن.

ـ بۆ حەج سەردانی خەڵوەتگەی (بەیاز) لە شارۆچکەی (حاسبیا) لە لوبنان دەکەن.

(خەڵوەت) ئەو شوێنەیە کە دروزیەکان خودا پەرستی تێدا دەکەن، کە پێشی دەڵێن (ئەنجومەن) کە هۆشمەندەکان لە ژنو پیاوان تیایدا کۆدەبنەوە، نوێژو خواپەرستی تێدا دەکەن، ماڵێکی سادەو ئاساییە هیچ نیشانەیەکی بەسەرەوە نیە، لە ناوەوەشیدا هیچ پەیکەرو وێنەو ئاماژەی تێدا نیە، بەشی ژنانو پیاوان لە یەکتر جیایە، خەڵوەت کەسێك بەڕێوەی دەبات پێی دەڵێن(سایس) کە لەگەڵ دەستەیەك لە شێخەکانی دروزی بەرپرسە لەپێدانی ئاینەکە بە کەسانی شایستەو دوورخستنەوەی کەسانی لادەر لە بنەماکانیانو دەرکردنی ئامۆژگاریو ڕێنمایی سەبارەت بە ڕەوشتو کاروباری تایەفەکە.

### پەرتووك و بڵاو کراوەکانیان:

★ کۆمەڵێك نامەی پیرۆزیان هەیە، کە پێیان دەگوترێت (نامەکانی دانایی)و ژمارەیان (١١١) نامەیە، لە دانانی (هەمزەو بەهادینو تەمیمی)یە.★ خاوەنی پەرتوکێکن کە پێی دەگوترێت، ( المنفرد بذاتە).★ (میثاق ولي الزمان، النقض الخفي) کە تێیدا هەمزە شەریعەتی ئیسلامی ڕەتکردووە، بە تایبەتی پێنج ڕوکنەکانی ئیسلام ( نوێژ ـ ڕۆژو ـ زەکات ـ حەج ـ شەهادە).

### ئەستێرە و ئاڵای دورزیەکان و ئاماژەکانی:



ئەستێرەی دروزیەکان پێنج تیشکی هەیە، هەریەکەیان ڕەنگێکی هەیە (ڕەنگی سەوز ئاماژەیە بۆ سروشتو زەوی، ڕەنگی سور بۆ ئازایەتیو پاڵەوانی، زەرد بۆ ڕوناکیو ڕۆشنبیری، شین بۆ پاکیو بێگەردی، سپی بۆ برایەتیو ئاشتی ) هەریەك لەم ڕەنگانە لە هەمانکاتدا ئاماژەن بۆ پێنج ئیمامەکانی دروزیەکان، ئەم ئەستێرەیە ئاڵای دروزیو شۆڕشەکەیان بوو دژی ئینتیدابی فەرەنسی ساڵی ١٩٢٥. وە ئیمامەکانیان ئەمانەن:

★ هەمزە کوڕی عەلی کوڕی ئەحمەد زۆزەنی، ئەمەیان هۆشی هەمووەکیە، ناسراوە بە ( العقل) ئاماژەکەی ڕەنگی سەوزە. ئیمامی گەورەیانە.★ ئیسماعیل کوڕی محەمەد کوڕی حامد ئەلتەمیمی، ئەمیان دەروونی هەمووەکیە، ئاماژەکەی ڕەنگی شینە، زاوای هەمزەو بریکاری بوو لە ئاین.★ محەمەد کوڕی وەهەب قەڕەشی، ئەمیان وشەیە، کە لە دەروون دەردەچێت لە ڕێگای هۆشەوە، ئاماژەکەشی ڕەنگی سوور بوو.★ سەلامە عبدولوەهاب ئەل سەمەری، کە ناسرابوو بە پێشوو( السابق) ئاماژەکەشی ڕەنگی زەرد بوو، ئەویش دەستەڕاستبوو. ★ بەهادین ئەبو حەسەن عەلی کوڕی ئەحمەد ئەلسەموکی، کە ناسرابوو بەداهاتوو( التالی) ئاماژەکەی ڕەنگی سپی بوو، ئەویش دەستە چەپ بوو، دوای ئەم پێنج ئیمامە پەیامەکەیان بوو بە نهێنی.

### بارودۆخی کۆمەڵایەتیو دابو نەریت:

### دروزیەکان لە ڕووی ئاینیەوەدەبنە دوو بەش:

أ ـ ڕۆحانیەکان: کە تەواوی نهێنیەکانی تایەفەکەیان لەلایە، ئەمانیش دەبنە سێ بەش ( سەرکردە ـ هۆشمەندان ـ ئەجاوید) بە سەرکردەکەیان دەگوترێت، (شێخی هۆشمەند). پیاوانی ئاینی دروزی جلی سپی نەخشێنراو لەبەر دەکەن، قژو سمێڵ دەهێڵنەوە، بەلام ئەمە ناچاری نیە بە تایبەتی بۆ لاوان. هۆشمەندەکانیان نابێت لەگەڵ ژنێکی تەنها بچنە خەڵوەت، نابێت وەڵامی سلاوی ژن بداتەوە، ئەگەر کەسی سێیەمیان لەگەڵدا نەبێت.

ب ـ جسمانیەکان: ئەمانیش بایەخ بە کاروباری دونیایی دەدەن، بریتین لە (میرو جهال)و تێکرای خەڵك کە پێیان دەڵێن علمانی.

لە گرنگترین دابونەریتو بەها کۆمەڵایەتیەکانی دروزیەکان، ڕاستگۆیی (کە خۆیان وشەی ڕاستی بۆ بەکار دەهێنن، کە وشەیەکی کوردیە) هاوڕێیەتی باش، قەدەغەکردنی تاوانو فرەژنیو کۆیلایەتیو حەرامکردنی کوشتنو دزیو زینا، حەرامکردنی گەڕانەوەی ژن بۆ لای مێردی دوای تەڵاقدان. دوور کەوتنەوە لە گومانو خۆبەزلزانینو بوغزو کینەو ئیرەییو چاوتێبڕینو دوورکەوتنەوە لە سوێندخواردن بە خوادا، ڕاست بێت یا ناڕاست. بەلای دورزیەکان هەموو کەسێك ئازادە میراتەکەی بداتە هەرکەسێك، خزم بێت یان کەسێکی دوور.

### پایەی ژن لە کۆمەڵگای دروزیدا:

ژن پایەی شیاوی خۆی هەیە، جگە لەوەی فرەژنیو دیاردەی چەوساندنەوەی ژن حەرامە لە ڕووی دینیەوە، ژن بۆی هەیە پۆستو پایەی جۆراوجۆری ئاینیو سیاسیو کۆمەڵایەتی وەربگرێتو سەرکردایەتی بکات. بە پێی یاساکانیان ژنی دروزی یەکسانە بە هاوسەرەکەی لە هەموو ئەوەی هەیەتی، وە لە میراتدا بێبەش نەکراوە.

### سەرچاوە:


١ـ تاریخ الدروز www.google.com

٢ـ الموسوعة الميسرة في الاديان و المذاهب و الاحزاب المعاصرة. اشراف و تخطيط و مراجعة. د مانع بن حماد الجهيني ، الجلد الاول الطبعة الخامسة.